

# مەولانا خالیدی شارەزووری

# و

# نەقشبەندیی کوردی

حەسەن جودی

ناوی پەرتووک: مەولانا خالیدی شارەزووری و  نەقشبەندیی کوردی
ناوی نووسەر: حەسەن جودی
بابەت: لێکۆڵینەوە
ساڵ و نۆرەی چاپ: ٢٠٢٤ - چاپی یەکەم (ئەلیکترۆنی)
دیزایین: گۆران پێنجوێنی

# پێڕست


دەروازەیەک ........................................................ ٩

بەشی یەکەم:

ڕاستینەی نەقشبەندێتی و ڕۆڵی مەولانا خالیدی شارەزووری.... ١٣

١. سەرەتاکانی پەیدابوونی تەریقەتی نەقشبەندی: ...... ١٥

٢.بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی.......................... ١٨

٣. جیاوازی نێوان تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی: ٢٠

٤. کوردستان و ئێراق لەسەردەمی مەولانا خالیددا:... ٢١

٥. مەولانا خالید (١١٩٣-١٢٤٢کۆچی/ ١٧٧٩-١٨٢٦زایینی) و لێکەوتەکانی:.. ٢٨

٦. بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا:.. ٣٤

بەشی دووەم:

نەقشبەندێتیی و دوو ئەزموونی کوردەواری............... ٣٩

١. نەقشبەندێتی و سەرهەڵدانی یەکەمین بزووتنەوەی سیاسی – چەکداریی کلاسیکی کوردی......................... ٤١

٢. بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی – کۆمینالی لەهەناوی نەقشبەندێتیدا (بزووتنەوەی هەقە):........................... ٤٥

ا. بزووتنەوەی هەقە:.................................................... ٤٥

ب. بزووتنەوەی هەقە وەک بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی و نەتەوەیی: ٤٦

ج. ڕێچکە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی هەقە:.......... ٤٨

د. بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی هەقە:............... ٥٠

دەرئەنجام.................................................................. ٥٧

سەرچاوەکان:............................................................ ٦١

## وتەیەک

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئابی ساڵی ٢٠١٩دا نووسیومە و لە گۆڤاری (KOMÛNAR) بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە. دواتر بەدوو بەش لە ژمارەکانی (٣٨و ٣٩)ی گۆڤاری (ئازادیی کۆمەڵگە)شدا بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە. لەبەرئەوەی ئەم دوو گۆڤارە وەکو پێویست بەدەست خوێنەران ناگات، بە پێویستم زانی بەکەمێک دەسکاریی بچووکەوە، وەک نامیلکەیەکیش بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاویبکەمەوە و دەرئەنجامێکیشی بۆ بنووسم.

**حەسەن جودی**

## دەروازەیەک

بێگومان هەر ئایینێک خاوەن هزرێکە، هەر هزرێکی ئایینییش بەسێ مەتۆد و ڕێگە، یان زیاتر، گوزراشت لە خۆی دەکات، کە بریتیین لە شێوەکانی «سەلەفییەت، عەقلانییەت، عیرفانییەت». ئەم سێ مەتۆد و ڕێگەیەش هەر تەنیا تایبەت نیین بە هزری ئایینی، بەڵکو لەدەرەوەی هزری ئایینییش ئەو شێوە فیکرییانە هەن و لەبوارە فەلسەفیی و ئایدیۆلۆژییەکانیشدا گوزارشتیان لێدەکرێت. لێرەدا قسە و باسمان لەسەر ڕێگەی عیرفانییەتە کە دەکرێ بەشێوەیەک لەشێوەکان تەسوفیش لەخۆوە بگرێت.

تەسەوف (سۆفیگەریی - سۆفیزم): مەتۆدێکی بیرکردنەوەی گەردوونییانەیە و بەدیدگایەکی میتافیزیکیانە لە گەردوون و خودا و مرۆڤ دەڕوانێت. پێش پەیدابوونی ئایینەکان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەبووە و گەشەی کردووە، زیاتر لە ئانیمیزمدا بەرجەستە بووە, کە یەکەمین شێوەبەندی هزری مرۆڤە. بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ئەفسانەکان و دواتریش ئایینەکان ئەو مەتۆدی بیرکردنەوەیە ڕێچکە و ڕێبازی جیاوازی لەخۆوە گرتووە. کرۆکی هەر هەموویان یەکە و لەوەدا کۆکن کەوا ڕێگەیەکی بیرکردنەوەیە لە گەردوون و خودا و گەیشتن بە خودا، ڕێگەیەکە بۆ پاکبوونەوەی خود (نەفس) لە خراپەخوازیی، هەروەها زانستی خوداپەرستی و ئاوێتەبوون بەخودایە. سۆفیگەریی خۆشەویستیی و عەشقێکی قووڵە بۆ خوداوەند و ڕۆچوونە لە گەردوون لە دەروازەی خودەوە.

لەبنچینەدا تەسوف رەوتێکی دژەدەسەڵاتی و دژە ماددیگەراییە. لەبەرامبەر بەو ستەمکاریی و گەندەڵی و نادادییەی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە تاک و کۆمەڵگە پەیڕەویی لێدەکەن هەڵوێستێکی پڕۆتستۆیی کۆمەڵایەتییە. هەروەها لەبەرامبەر بە ئەقڵییەتی چەقبەستوویی سەلەفییەتگەراییدا قەڵەمبازێک و کاردانەوەیەکی رادیکاڵە. لەبەرامبەر زیادەڕۆیی لە عەقڵانییەتیشدا هەڵوێستێکی پەرگیرە. بۆیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەبنچینەدا لەبەرامبەر بە دەسەڵاتە ملهوڕەکاندا هەڵوێستێکی ئەنارشیستانەی هەبووە. سۆفیگەریی خۆی لەبیرکردنەوەی سەلەفییەت بەوە جودا دەکاتەوە کەوا دەخوازێت لەسەرووی دەق خودا بناسن و بە خودا بگەن. لێرەدا گەیشتن بە خودا گەیشتنە بە پەنهانیی گەردوون و پەنهانیی خود. دەکرێ بڵێین؛ روانینێکی فەنتازیی و رۆحیی بۆ دەقە پیرۆزەکان هەیە و خودی دەق و دونیای بەرجەستە و تەنانەت جەستەی مرۆڤیش بە زیندانی رۆح دەبینێت. سۆفییەکان لەمیانەی هەوڵدانیان بۆ گەیشتن و ئاوێتەبوون لەگەڵ خودا لەو زیندانانە خۆیان ڕزگار دەکەن. هەروەها سۆفیگەریی خۆیشی لە عەقلانییەت بەوە جودا دەکاتەوە کە عەقڵ بە تاکە ئامراز یان تواناداترین ئامرازی گەیشتن بە حەقیقەت و خودا نابینێت.

گنۆستیزم کە بۆخۆی ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر دێرینی هەیە، سەرچاوە و ڕیشەیەکی سۆفیگەرێتییە، یان وردتر بڵێین قۆناخێکی پێشتری سۆفیگەرییە. لە ئایینی جوویی (یەهودی) و

دیان(کریستیان) و لەلای گریکییەکانیشدا جۆرێک لە تەسەوفیان هەبووە، پێی گووتراوە «گنۆسی gnōsis» (عیرفانیەت). بەڵام لە ئیسلامدا بە تەسەوف یان سۆفیگەرایی و سۆفیاتی ناسراوە.

تەسوف، بەواتا ئیسلامییەکەی، بەشێکە لە فەلسەفەی ئیسلامی و وەک ڕێگەیەکی بیرکردنەوەی ئایینی هەر لەگەڵ پەیدابوونی ئایینی ئیسلامدا وەک مەیلێک پەیدابووە، کە خۆی لە خواپەرستییەکی زاهیدانە بەرجەستە کردووە. بەڵام ئەو مەیلە تا هاتووە گەشەی کردووە و لەگەڵ کۆچی دوایی پێخەمبەر و قووڵبوونەوەی ململانێی دەسەڵاتخوازانەی نێوان دەستە دژ بەیەکەکانی یاوەرانی پێخەمبەر، مەیلی سۆفیگەریی وەک ڕەوتێکی جیاواز زیاتر پێشدەکەوێت و گەلێک لق و پۆپەی لێدەبێتەوە کە بە تەریقەت واتا (ڕێگا یان ڕەچە) ناسراوە.

دەکرێ بڵێم ئەبو زەڕی غەففاری (أبو ذر الغفاري) یەکەمین سۆفی بووە کەوا لەململانێی دەستە دەسەڵاتخوازەکانی یاوەرانی پێخەمبەردا بەتەنیا ماوەتەوە و دژبەری هەموویان بووە. هەرچەندە لەمێژووی پەیدابوونی سۆفیگەریی ئیسلامیدا ئاماژە بە ئەبو زەڕی غەففاریی وەک یەکەمین سۆفییەکان ناکرێت.

زۆربەی تەریقەتەکان ڕێبازی خوداپەرستییان و سەرچاوەی بیروڕای خۆیان بۆ یەکێک لەو دوو خەلیفەیەی موسڵمانان «ئەبوبەکری سەدیق یان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب» یان هەردووکیان بەیەکەوە دەگەڕێننەوە. هەر تەریقەتێک شێخێکی خۆی هەیە و بەدوایدا

لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی شێخەکەدا شێخی تر جێیدەگرێتەوە و پێشەوایەتی بۆ تەریقەتەکە دەکات. تەریقەتەکان بەهەندێک جیاوازیی لە ڕووی شێوەی خوداپەرستی و زیکرکردن و پەروەردەکردنی موریدانی خۆیان لەلایەن شێخەکانیانەوە جودایی خۆیان دەخەنەڕوو.

لەمیانەی وردبوونەوەمان لەمێژوو و تایبەتمەندییەکانی تەریقەتەکاندا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا تەریقەتەکانیش وەک ئایین و ئایینزاکان (مەزهەبەکان) لەژێر کاریگەریی ئەو کات و شوێن و کۆمەڵگەیە دان کە لێیەوە پەیدا دەبن. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەو هەلومەرجەی تەریقەتی تێدا پەیدا دەبێت و گەشە دەکات ڕووداوەکان و سرووشتی کۆمەڵگەکە مۆرکی خۆی لە ناوەرۆک و شێوەگرتنی تەریقەتەکە دەدات. تەنانەت ئەو ڕاستیەش دەبینرێت کەوا؛ تەریقەتەکان ئەو کات و شوێن و ئەو کۆمەڵگەیەی لێیەوە پەیدا بوونە، لەگەڵ گەشەکردنیاندا وەکو خۆیان نامێننەوە و گۆڕانکاریی و جیاوازیی لە ناوەرۆک و شێوەگرتنیاندا دەبینرێت. ئەم ڕاستییە لە تەریقەتی نەقشبەندییدا زۆر بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت.

تەریقەتی نەقشبەندیی یەکێک لە گرنگترین و سەرەکیترین تەریقەتی سۆفیگەریی ئیسلامییە لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهاندا، لە ئاستی کوردستانیشدا گەورەترین، سەرەکیترین و کاریگەرترین تەریقەتە. بۆیە پێویست دەکات لایەنە گرنگەکانی ئەو تەریقەتە و ڕێبەرەکانی بخەینەڕوو.

# بەشی یەکەم:

## ڕاستینەی نەقشبەندێتی و

## ڕۆڵی مەولانا خالیدی شارەزووری

### ١. سەرەتاکانی پەیدابوونی تەریقەتی نەقشبەندی:

وشەی نەقشبەند لە دوو وشەی «نەقش + بەند»ەوە هاتووە. «نەقش» بەواتای نەخش یان نیگار دێت. پاشگری «بەند»یش کە لە کوردیدا پاشگری «مەند»یش بەکاردێت، بۆ شارەزاییبوون لە پیشەیەک یان کارێکدا دەخرێتە سەر وشەکە. وەک وشەی هونەرمەند یان هۆشمەند و بیرمەند... هتد. هەروەها «بەند» بەواتای پابەندبوون یان وابەستەبوون بە شتێکیشەوە دێت. شێخ محەمەد ئەمین کوردی لە کتێبی «ڕووناککەرەوەی دڵان – تنویر القلوب»دا پێی وایە نەقشبەند، لە نەخشاندن (نەقشاندن)ی وێنەی سەر مۆم دێت و ناسڕدرێتەوە. بەخشینی نازناوی نەقشبەند بە خواجە بەهائەددین لەبەر ئەوەیە کە بەڕادەیەک لەدڵەوە یادی خوای کردووە کە نەقشی «اللە» لەدڵیدا نەخشێنراوە و ناسڕدرێتەوە.

بۆچوونێک هەیە ڕیشەی ئەم تەریقەتە بۆ یەکەم خەلیفەی موسڵمانان «ئەبوبەکری سدیق» دەگەڕێنێتەوە. ئەمەش لەسەر بنەمای فەرموودەیەکی پێخەمبەرەوە هاتووە کە گووتوویەتی: (ما صب اللە في صدري شيئا الا وصببتە في صدر ابي بكر – واتا: هەرچی خوا خستوویەتیە سینگمەوە منیش خستوومەتە سینگی ئەبوبەکرەوە). ئەمەش بەو واتایە دێت ئەم تەریقەتە خوا خستوویەتیە دڵی پێخەمبەرەوە و ئەویش خستوویەتیە دڵی ئەبوبەکرەوە و ئەویش خستوویەتیە دڵی ئەبوزەیدی تەیفوری بەستامیەوە

...هتد. بۆیە خاوەنانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە ئەم تەریقەتە لە هەر قۆناخێکدا ناوێکی هەبووە؛ لەسەرەتاوە لە ئەبوبەکرەوە تا «ئەبوزەیدی تەیفور بەستامی» پێی گووتراوە «سەدیقیە«. لە بەستامیەوە تا عەبدولخاقی غەجدەوانی پێیگووتراوە «تەیفوری». لە غەجدەوانیشەوە تا محەمەد بەهاددین پێیگووتراوە «خواجەکانی» و لە محەمەد بەهاددین بەدواشەوە پێیگووتراوە «نەقشبەندی»، لە شێخ محەمەد بەهاددینیشەوە بۆ شێخ عوبێدوڵڵای ئەحرار پێیگووتراوە «نەقشبەندیی ئەحراری»، لە شێخ ئەحمەدی فاروقییەوە بۆ شێخ شەمسەددین حەبیبوڵڵا پێیگووتراوە «المجددیة – نوێکەرەوە»، لە شێخ حەبیبوڵڵاوە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی پێیگووتراوە «المجددیة المظهریة، لە مەولانا خالیدیش بەدواوە پێیگووتراوە «خالیدی» یان «المجددیة النقشبندیة – نوێکەرەوەی نەقشبەندیی» تەنانەت دەگووترێت؛ ئەم تەریقەتە لەسەر ڕێنمایی چوار کەسێتی بونیادنراوە کە بریتیین لە «سەلمانی فارسی، ئەبوزەید عیسا تەیفوری بەستامی، عەبدولخالقی غەجدەوانی و محەمەد بەهاددینی نەقشبەندی». هەروەها هەندێک لە نەقشبەندییەکان بە دوو زنجیرەی تریشەوە خۆیان دەگەیەنن بە پێخەمبەر؛ لەڕێگەی ئیمامی حوسێن و زانای بەناوبانگ حەسەنی بەسرییەوە بە ئیمامی عەلییەوە و لەویشەوە خۆیان بە پێخەمبەر دەگەیەننەوە.

ڕای جیاوازی سەبارەت بە داهێنەری یەکەمی تەریقەتی نەقشبەندی (نەقشی، نەخشی) هەیە. ٢

بەڵام بەگشتی ئەو ڕایە زیاتر نزیک بە ڕاستییە کە پێی وایە تەریقەتی نەقشبەندی درێژکراوەی تەریقەتی خواجەکانە - کە تەریقەتێکە لەلایەن خواجە یوسفی هەمەدانی(١٠٤٨- ١١٤٠) و خواجە عەبدولخالقی گۆجدەوانی(غەجدەوانی) (١١٠٣-١١٧٩) داهێنراوە. تایبەتیش خواجە بەهاددین نەقشبەندی بوخارایی (١٣١٨-١٣٨٩) کە بە «شاهی نەقشبەندی»ش دەناسرێت، بە کۆکەرەوە و یەکخەری ڕاو باوەڕییەکانی خواجەکان و بە داهێنەری ڕاستەقینەی ئەو تەریقەتە لەقەڵەم دەدرێت. جێنشینەکانی شاهی نەقشبەند عەلاددین عەتتار (لەساڵی١٣٩٩ کۆچی دوایی کردووە) و محەمەد پارسا (١٣٥٥-١٤٦١) و یەعقوبی چەرخی (لەساڵی ١٤٤٦کۆچی دوایی کردووە) بوون کە توانیان ئەو تەریقەتە گەشە پێبدەن و بڵاویبکەنەوە. هەروەها عوبەیدوڵڵای ئەحرار (١٤٠٣- ١٤٩٥) کە لەسەردەمی تەیمورلەنگدا شێخی تەریقەت بوو، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە بڵاوکردنەوە و هەژموونی تەریقەتی نەقشبەندییدا بینی.

هەروەها مەولانا شاە غولامعەلی عەبدوڵڵای دەهلەوی (١٧٤٥-١٨٢٥)یش ڕۆڵێکی مەزنی لە بەرەوپێشەوە بردنی تەریقەتی نەقشبەندییدا بینیوە و هەر لەسەردەمی ئەودا مەولانا خالیدی نەقشبەندیی دەچێتە دەهلی لە هیندستان و مانەوەی ساڵێک لەلای ئەو تەریقەت و ئیجازەی ئیرشاد وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە کوردستان.

## ٢.بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی

لەسەرچاوەکانی تایبەت بە نەقشبەندیێتیدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە خواجە عەبدولخالقی گۆجدەوانی هەشت بنەمای بۆ تەریقەتی نەقشبەندی دارِشتووە، هەروەها مەولانا خالیدیش سێ بنەمای تری بۆ دارِشتووە. بنەماکانیش ئەمانەن:

١. هۆشی هەنووکەیی: واتا نابێت بێئاگایی و غافڵبوون زەفەر بەکار و کردەوە و تەنانەت هەستەکانی مرۆڤ بەرێت.

٢. سەربەرزنەکردنەوە: بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە ڕوانینی حەرام، پێویستە پەیرِەوکاری نەقشبەندی سەیری بەردەمی خۆی بکات و سەیری ئەملا و ئەو لای خۆی نەکات، تا بیری بە لای شتی ترەوە نەچێت.

٣. گەشت لە نیشتمان: پێویستە لە نیشتمانی خۆڵینەوە بۆ نیشتمانی ئاسمانی گەشت بکات، لە کردار و ئاکاری ناپەسندەوە بۆ رەوشتی پەسند گەشت بکات.

٤. تەنیایی لەناو کۆرِدا: واتا پێویستە بەرِووخسار (بەجەستە) و ڕواڵەت لەناو کۆمەڵ و مەجلیسدا بێت، بەڵام بەناوەرِۆک (ڕۆح) و دڵ لەگەڵ خوادا بێت.

٥. یادکردن (زیکرکردن): بریتییە لە یاد(زیکر) کردنی خوا بە زارەکی یان بە دڵ.

٦. گەڕانـەوە: ئـەو کەسـەی کـە یـادی خـوا دەکات پێویسـتە بـەردەوام ئـەوەی لـە دڵـیدا بێـت کـە؛ «خودایـە مـن لـەو یادکردنـە تەنهـا مەبەسـتم ڕەزامەنـدی تۆیـە» و بـەردەوام بگەڕێتـەوە بـۆ لای خـودا و تەنهـا مەبەسـتی زاتـی خـودا بێـت.

٧. پارێزگاریـی: مەبەسـت پارێزگاریکردنـە لـەو یاد(زیکـر)ە، بەوەی کـە لـە سـاتێکدا چەنـد جـار ئـەو وێـردە دووبـارە بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بیـر و هۆشـی بـەلای شـتی تـردا نـەڕوات، پارێزگاریـی لـەو ئاڕاسـتەیە بـکات کـە گرتوویەتیەبـەر.

٨. بیرهێنانـەوە: پێویسـتە پەیـڕەوکاری نەقشـبەندی بـەردەوام وشـە و وێـردەکان لـەڕووی ئاگاییـەوە بڵێت و لەهەمـوو کاتێکدا بزانێت کـە ئـەو لەبـارەگای خـودای گـەورە دایـە.

مەولانا خالیدیش ئەم سێ بنەمایەنەی بۆ زیاد کردووە:

١. وەسـتانی کاتـی: مەبەسـت لەوەیـە کـە پەیـڕەوکاری نەقشـبەندی لەگـەڵ خـوای خۆیـدا چەنـد کاتێـک (سـاتێک) گفتوگـۆ بـکات و بزانێـت لەدۆخـی بێئاگایـی یـان بەئاگایـی دایـە.

٢. وەسـتانی ژمارەیی: واتا یادکەرەوە پێویسـتە لەکاتـی یاد(زیکر)کردنـەوەدا ڕەچـاوی ژمـارەی زیکـر و یادکردنەوەکانـی بـکات و لەهـەر هەناسـەیەکدا لـە سـێ یـان پێنـج یـان حـەوت تاوەکـو بیسـت و یـەک جـار بـەردەوام بێت.

٣. وەسـتان لـە دڵـدا: واتـا لەکاتـی یادکردنـەوە

(زیکـر)دا دڵـت لای خـودا بێـت و دڵ بـەردەوام هوشـیار و بەئـاگاوە ئامـادەی یادی خـوا بێت، بەبێ سـەرقاڵبوونی زیـاد لەپێویسـت بـە دونیـاوە.

**٣. جیاوازی نێوان تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی:**

لەنێوان هـەردوو تەریقەتـی قـادری و نەقشـبەندیدا هەندێـک جیاوازییـان هەیـە. دەکـرێ لـەم خاڵانـەدا باسـیان بکەیـن:

١. لـەڕووی زنجیرەی گەیشـتنەوە بە پێغەمبەر قادرییـەکان لەڕێگـەی ئیمامـی عەلییـەوە زنجیـرەی تەریقەتیی خۆیـان بـە پێغەمبـەر دەگەیەنـن. هەرچـی نەقشبەندییەکانیشـە لەڕێگـەی خەلیفـە ئەبوبەکـری سـدیقەوە تەریقەتییـان بـە پێغەمبـەر دەگەیەنـن.

٢. لەتەریقەتـی قادرییـدا بەئاشـکرا و دەنگـی بـەرزەوە زیکـری خـوا دەکـەن. بـەڵام نەقشـبەندییەکان لـە دڵـەوە و بەبێدەنگی زیکری خـوا دەکـەن. ئەمـەش لەسـەر بنەمـای ئـەو ئایەتـەی قورئانەوەیـە کـە دەڵێت: (ادعـوا ربکـم تضرعـا و خفیـة انـه لایحـب المعتدیـن).

٣. قادرییـەکان بـە موریدەکانـی خۆیـان دەڵێـن «دەروێـش». بـەڵام نەقشـبەندییەکان بـە موریدەکانـی خۆیـان دەڵێـن «سـۆفی».

٤. لـە تەریقەتـی قادرییـدا تیغبـازی دەکـەن و شوشـە دەکرمێنـن و زمـان بـە ئاسـنی سـووربووەوە دەنێـن. بـەڵام لـە تەریقەتـی نەقشـبەندییدا ئـەو ڕەفتارانـە لەکاتـی زیکرکردنـدا ناکـەن.

٥. تەریقەتی قادری «موریدی»یە. بەڵام تەریقەتی نەقشبەندی «مورادییە».

٦. خاڵی هاوبەشی هەردوو تەریقەتیش ئەوەیە کە هەردوولا ئیمام جەعفەری سادق بەپشتیوان و یارمەتیدەری خۆیان دەزانن و بە (کۆکەرەوەی دوو رووبارەکە - مجمع البحرین) ناوی دەبەن و یادی دەکەن.

هەروەها دەگووترێ بالاپۆشی مورید و سۆفییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بەڕەنگی زەرد یان خۆڵەمێشییە. شێوازی پەروەردەییشیان دوو جۆرە؛ پەروەردەی جەستەیی کە بریتییە لە پەروەردەکردنی سۆفییە لای یەکێک لە شێخەکانی سەردەمی خۆی. پەروەردەی ڕۆحانییش بریتییە لە سەرنجدان و قووڵبوونەوەی سۆفی لەڕۆحی تایبەتی یەکێک لە وەلی و شێخەکانی پێشوو لە مەودای کات و شوێندا.

## ٤. کوردستان و ئێراق لەسەردەمی مەولانا خالیددا:

بێگومان پێش ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی بێتە کوردستان بزووتنەوە سۆفیگەرییەکان لە کوردستاندا گەشەیان سەندبوو. لەبەر ئەوەی عێراقی کۆن ناوەندی خەلافەتی عەباسیی بووە. بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەی دەسەڵاتدارێتی ئەو خەلافەتە لەژێر ڕکێفی خۆیدا هێنابوویە ئاراوە، سۆفیگەرییش وەک ڕەوتێکی دژە دەسەڵاتداریی و

دژە ستەمکاریی و نادادی و گەندەڵی لەسەدەی هەشتەمەوە لە عێراق سەریهەڵدا و گەشەیسەند. بۆیە مەزەندەی ئەوە دەکرێت کەوا سۆفیگەریی زوو گەیشتبێتە کوردستان و بڵاو بووبێتەوە. دەگووترێت تەریقەتی قادری لەسەدەی سێزدەهەمەوە لە کوردستان بڵاوبووبێتەوە. ڕایەکی دیکەش هەیە کەوا تەریقەتی قادری هەر لەسەردەمی خودی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی و کوڕەکانیەوە گەیشتۆتە کوردستان. واتا یەکەمین تەریقەتی سۆفیگەریی ئیسلامی کە گەیشتبێتە کوردستان تەریقەتی قادریی بووە.

تەریقەتی قادریی لەلایەن شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧ - ١١٦٦) لە بەغداد داهێنراوە و پەرەی پێدراوە. هەر خۆیشی چەند جارێک هاتۆتە کوردستان و ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەیدا هەبووە. هەرچەندە خودی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وەک ئایینزا لەسەر ئایینزای حەنبەلی بووە، بەڵام بەهۆی نزیکیی بەغداد لە کوردستان و هەبوونی کۆمەڵگەی کوردەواری لە بەغداد و هاموشۆی بازرگانی نێوان کوردستان و بەغداد، لەلایەکی تریشەوە سوونّیبوونی بەشێکی زۆری کوردی موسڵمان – سەرەڕای ئەوەی کە سەر بە ئایینزای شافیعیی و ئایینزای حەنەفیین - ئەو تەریقەتە زەمینەی زوو بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا زیاتر بۆ رەخساوە. چونکە وەک تەریقەتێکی دژە دەسەڵاتداریی و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی – ئایینی دەرەوەی سیستەمی دەسەڵاتداریی گوزارشتی لەخۆی کردووە. هەروەها کوڕانی

شێخ عەبدولقادر، بەتایبەتیش عەبدولکەریمی کوڕی خۆی هاتۆتە کوردستان و ئەو تەریقەتەی لە کوردستان بڵاوکردۆتەوە. تەریقەتی قادری کە زۆربەی بانگخوازەکانی کورد بوون، لە کوردستاندا چەندین لق و پۆپەی لێبۆتەوە وەک بەرزنجەیی، تاڵەبانی، کەسنەزانی، قادریی، بە کۆنترین تەریقەتی سۆفیگەریی سوننە مەزهەب لە کوردستان دادەنرێت. بەڵام ئەم تەریقەتە لە کوردستاندا زۆر زوو وابەستەی چینی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە گشتی و بنەماڵە خانەدان و دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا بووە. ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێست و باوەڕییەکانی خودی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، کە زۆر دژی دەسەڵاتداران بووە و هاوخەمی هەژاران بووە. بەڕادەیەک ئیدی هەر زوو بۆتە تەریقەتی چینی باڵادەستی کوردستان، کە چینێکی وابەستە بووە بە دەسەڵاتدارێتی سەفەوی و قاجاری و عوسمانییەوە. ئیدی خودی بنەماڵەی شێخانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا بەشێکی گرنگی موڵکدار و ساماندارە گەورەکان و دەسەڵاتدارانی کوردستانیان پێکهێناوە.

لەلایەکی دیکەوە شێخانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا، خۆیان کردۆتە بەشێکی لایەنگیر لە شەڕ و ململانێی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی شیعەگەرایی سەفەوی و پاشان قاجاری و سوونەگەرایی عوسمانی و پشتیوانیان لە دەسەڵاتدارێتی عوسمانیی کردووە. بەهۆی ئەمەشەوە کوردستان بۆ هەردوولا بۆتە

گۆڕەپانێکی شەڕ و ململانێیەکان. هەروەها لە ململانێی نێوان میرنشینە کوردییەکاندا، یان لەململانێی نێو خودی یەک میرنشیندا هەمیشە لایەنگری ئەوە بووە کە بەهێزتر بووە و دەسەڵاتی لە دەستدا بووە.

هەڵبەتە شێخەکانی قادری لەسەرەتادا لەسەرووی دەسەڵاتی ئاغا و بەگ و میرەکانەوە خاوەنی دەسەڵاتێکی دینی و دونیایی بوون. ئەمەش تەنگهەڵچنین بوو بە قەڵەمڕەوی و هەژموونی ئەو ئاغا و بەگ و میرانەوە. بۆیە یان لەگەڵیاند خەریکی سازش و بەیەکەوە هەڵکردن بوون یاخود لەنێو ململانێ و ناکۆکی بەردەوامدا بوون. هەروەها تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندییش لەسەرووی ئەو پەیوەندییە هۆزیی و خێڵەکییەی هەبوو، پەیوەندییەکی نوێ و فۆرمێکی نوێی ڕێکخستەبوونی کۆمەڵگەیان پەرەپێداوە.

ئەوکاتەی تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەن مەولانا خالیدەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ، کوردستان بەگشتی لەدۆخی قووڵبوونەوە و فراوانبوونی ناکۆکییەکانی دابوو لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریی. لەلایەکی دیکەشەوە هەردوو دەوڵەت ئەگەرچی دەمێک بوو دەستبەرداری شەڕی یەکتر ببوون، بەڵام لەڕێی دەستێوەردانیان لە کاروباری میرنشینەکانی کوردستان و ختوکەدانی هاوئاییینزاکانیان لەدەوڵەتی بەرامبەردا، بەردەوامییان بە ململانێ و شەڕی ساردی

نێوانیـان داوە. بەتایبەتیـش میرنشـینی بابـان، کـە لەلایەکـەوە لەنێـوان میرەکانـی بابـان خۆیانـدا، بەدەسیسـەی دەسـەڵاتداریێتی قاجـاری و عوسـمانی، ململانێـی خوێنـاوی بەردەوامیـان هەبـووە، بەڕادەیـەک بـەردەوام دەسـەڵاتی میرنشـینەکە لەدەسـتی میرەکانـەوە ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـتی کـردووە و پەشـێوی و ناجێگیرییەکـی بـەردەوام میرنشـینەکەی گرتۆتـەوە. لەلایەکیتـرەوە لەنێـوان میرنشـینی بابـان و دەسـەڵاتداریێتی عوسـمانی لـە ویلایەتـی بەغـداد ململانـێ و شـەڕی پچـڕ پچـڕ هەبـووە، کـە ئامانجـی والـی بەغـدا لەناوبـردن یـان ملکەچکردنـی میرنشـینەکە بـووە. هەروەهـا لـەو کاتەشـدا لەنێوان میرنشـینی بابان و دەسـەڵاتداریێتی ئەوکاتـەی ئێرانیشـدا ململانـێ و شـەڕ هەبـووە و ئەوانیـش ویسـتوویانە ویلایەتـی شـارەزوور بخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە، کـە دواجـار ئـەم شـەڕ و ململانێیـە تـا ڕووخانـی میرنشـینی بابـان لـە سـاڵی ١٨٥١ بـەردەوام بـووە.

بێگومـان دۆخـی ویلایەتـی بەغدادیـش لـە دۆخـی ویلایەتـی شـارەزوور و کوردسـتانی ژێـر ڕکێفـی عوسـمانییەکان باشـتر نەبـووە. ئەوکاتـە ویلایەتـی بەغـداد دووچـاری نەهامەتـی زۆر هاتـووە؛ عێراقـی ئەوکاتـە، کـە لـە ویلایەتـی بەغـداد و بەسـڕە پێکهاتبـوو، لـە سـەدەی حەڤدەمـەوە دووچاری فیتنەی ناوخۆیـی، شۆڕشـەکانی ئینکشـاریی، یاخیبوونەکانـی عشـیرەتەکان، هەڕەشـە بەردەوامەکانـی ئێـران، قەیرانـە ئابوورییـەکان، لافاوەکان و نەخۆشـی و پەتـا کوشـندەکان ببـووەوە.

لەدۆخێکی وەهادا مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئەو ماوەیەی لە کوردستان و عێراق بووە فەرمانڕەوایی ٩ میری بابانی بینیوە، لە ئەحمەد پاشاوە ساڵی ١٧٧٨ دەستیپێکردووە تا دەگاتە میر مەحمود پاشا کە لە ساڵی١٨٢٦ فەرمانڕەوا بووە. هەروەها فەرمانڕەوایی ٧ والی بەغدادیشی بینیوە. ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئاڵوگۆڕ و رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق چەندە ئاڵۆز و ناجێگیر بوون. هەروەها مەولانا خالید بەچاوی خۆی هەموو جۆرەکانی ستەمکاریی و زوڵمەکانی دەستی عوسمانییەکان و قاجارییەکانی دژ بە گەلەکەی بینیوە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوە و لێگەڕینەکانی و دواجار هەڵوێست و هەوڵ و بەرهەمەکانیشی داناوە.

بێگومان ئەو دۆخە سیاسییە ناجێگر و پڕ لە شەڕ و ئاشووپە لەگەڵ خۆیدا دۆخی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریشی داڕووخاندووە و کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر ئاستی فێربوون و زانست و زانیاریی و شێرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داناوە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا هەژاری، نەداریی، برسێتی، قاتوقڕی، نەخۆشی، پەتا و شەڕی ناوخۆیی نێوان خێڵ و هۆزەکان تەشەنە پێداوە. لەبەرامبەریشدا چینێکی خاوەن موڵک و سامان لە دەرەبەگ و ئاغا و بازرگان و شێخ تا هاتووە دەوڵەمەند بوونە و زۆرینەی خەڵکیش بە نەداریی و هەژاریی و بێکاریی ژیاون.

لە دۆخێکی وەهادا؛ دەسەڵاتدارانی هەردوو

دەوڵـەت لەڕێـی جەختکردنـەوە لەسـەر پابەندییـە مەزهەبیـی و تەریقەتـە ئاییتنییەکانـی نزیـک بەخۆیانـەوە، قاجارییـەکان بـە دەمارگیریـی شـیعەگەریتی و عوسـمانییەکانیش بـە دەمارگیریـی سـوونیگەرایی، بەردەوامییـان بـە دەسـەڵاتداریێتیی خۆیـان داوە. ئەمـەش قەیرانێکـی کۆمەڵایەتـی سیاسـی و بۆشـاییەکی ڕۆحـی – زیهنـی لەنێـو کۆمەڵگـەدا هێناوەتـە کایـەوە. ئیـدی ئاییـنزا فەرمییەکانـی دەسـەڵاتدارێتی و تەریقەتەکانـی ژێـر سـێبەری دەسـەڵاتدارێتی وەڵامـی پێداویسـتییە ڕۆحـی و زیهنییەکانـی کۆمەڵگـە و چارەسـەرکردنی قەیرانەکانـی نەداوەتـەوە. بەمـەش لەنێـو کۆمەڵگـەدا لێگەڕینـەکان بـۆ چارەسـەریی قەیرانـەکان و پڕکردنـەوەی پێداویسـتییە ڕۆحـی و زیهنییـەکان لـەدەرەوەی دەمارگیرییەکانـی دەسـەڵاتدارێتیدا تاهاتـووە زیاتـر بـووە.

لەمـڕووەوە هـەوڵ و لێگەڕینەکانـی مەولانـا خالیـدی شـارەزووری لەگـەڵ خۆیـدا یەکێـک لـە گرنگتریـن بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـی داهێنـاوە. ئـەو بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـە بـە قاوغـی تەریقەتێکـی سـۆفیگەرییدا خـۆی بەرجەسـتەکرد و توانیـی لەماوەیەکـی زۆر کەمـدا وەڵامێکـی ئـەو دۆخـە پەنگخـواردووەی کۆمەڵگـە بداتـەوە. بەتایبەتـی قەتیس مانـەوەی تەریقەتـی قـادری لەژێـر ڕکێفـی بنەماڵـە خانەدانـەکان و لەژێـر سـایەی دەسـەڵاتدارێتی خۆجێـی بابـان و دەوڵەتـی عوسـمانییدا، وایکـردووە تەریقەتـی نەقشـبەندی بێئـەوەی بانگەشـەی دژبەرێتـی یـان ئۆپۆزسـیۆنێتی

تەریقەتی قادریی بکات، ڕابەرانی تەریقەتی قادریی و بەدوایشیدا سەرانی دەسەڵاتداریێتی عوسمانییی ئەو بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەیەکی دژبەر و هەڕەشەداری سەر خۆیان ببینن. بۆیە دەگووترێت کەوا شێخ مارفی نۆدەیی ڕابەری تەریقەتی قادری فەتوای تەکفیرکردن و کوشتنی مەولانا و تەریقەتەکەی بدەن و دەسەڵاتدارانی عوسمانییش بە وردیی چاودێریی مەولانا و جموجۆڵەکانی بکەن و لەڕێی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندیی و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی ویلایەتەکانی بەغداد و شارەزوور و موسڵ تەنگ بە مەولانا هەڵچن و وڵاتبەدەری بکەن.

## ٥. مەولانا خالید (١١٩٣-١٢٤٢کۆچی/ ١٧٧٩-١٨٢٦زاییینی) و لێگەڕینەکانی:

مەولانا خالید کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسێنە و لەتیرەی جافی میکایلییە. دەگووترێت پیر میکایلی شەش پەنجە. لەسەردەمی خۆیدا و دواتریش پێی گووتراوە «مەولانا»، بەڵام چەندین نازناوی دیکەیشی هەبووە وەک: شارەزوری و الکردي و «ابوالبهاء» و «ضیاءالدین - رۆشنکەرەوەی ئایین» و «ذی الجناحین – خاوەن دووباڵ، کە مەبەستی باڵی شەریعەت و باڵی تەریقەتە، یان باڵی عیلم و باڵی ئیمان» یشی هەبووە.

مەولانا خالیدی شارەزووریی لە ساڵی ١٧٧٩ لە نێوان دێی تلە زیت و نەوتی سەر بەر قەرەداخ

لەدایکبووە. ناوی دایکی فاتیمەیە و لە سەیدەکانی پیرخدری شاهۆییە.

مەولانا سێ برا و چەند خوشکێکی هەبووە. سێ جار ژیانی هاوژینیشی پێکهێناوە، یەک لە سلێمانی و یەک لە بەغداد و ئەوەی تریش لە غەززە. لەخێزانی یەکەمیدا: عەبدولڕەحمان، بەهاددین، شەهابەددین، نەجمەددینی بووە. لە خێزانی غەززەییەکەیدا کچێکی بووە بەناوی فاتیمە.

مەولانا خالید سەرەتا لەلای باوکی و پاشان هەر لە قەرەداخ خوێندوویەتی. پاشان لە تەمەنی لاوێتیدا چۆتە سلێمانی و لەلای زانایانی وەک سەید عەبدولکەریمی بەرزنجی و سەید عەبدولڕەحیمی برای و شێخ عەبدولڵلای خەرپانی و مەلا عەبدولڕەحیمی زیارەتی و لە سنەش لەلای شێخ موحەمەد قەسیمی سنەیی زانستە ئایینییەکانی خوێندووە و هەر لەسەر دەستی شێخ محەمەد قەسیمی سنەیی ئیجازەیشی وەرگرتوە. دوای کۆچی دوایی سەید عەبدولکەریمی بەرزنجی کە پێشتر مامۆستای خۆی بووە، عەبدولڕەحمان پاشای بابان مەولانا لە جێی ئەو دادەمەزرێنێت و وانە بە فەقێکان دەڵێتەوە. بەڵام ئەو وانە گووتنەوەیە هەرچەندە ئەوی بەناوبانگ کرد، بەڵام هێشتا بە وەڵامدەرەوەی لێگەڕینەکانی خۆی نەدەزانی و زیاتر مەیلی بەلای سۆفیگەرییدا دەچوو.

لە ساڵی ١٨٠٤دا لەڕێگای شامەوە دەچێتە حەج. لەو گەشتەیدا وادیارە سەبارەت بە تەریقەتی

نەقشبەندی و شێخەکەی شا عەبدوڵڵای نەقشبەندی زانیاریی زیاتری پێدەگات. بۆیە دەگاتە ئەو باوەڕیەی بۆ قووڵبوونەوەی ڕۆحی و سۆفیگەریی بچێتە هیندستان. ئیدی دوای گەڕانەوەی لە حەج لە ساڵی ١٨٠٨دا بەڕێگەی تاران و هەمەدانەوە لەتەمەنی سی ساڵیدا بەرەو هیندستان گەشت دەکات. لەتاران زانای بەناوبانگی شیعی ئایەتوڵڵا ئیسماعیلی کاشی دەبینێت. دوای ساڵێک لەڕێگابوون دەچێتە شاری دەهلی و لەوێ ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی شا عەبدوڵڵای دەهلەوی دەبینێت و لەلای ئەو دەمێنێتەوە. دەگووترێت کەوا دوای سەرکەوتن لە پلە و پایەکانی تەریقەت، شا عەبدوڵڵا ئیجازەی ئیرشادی لە هەر پێنج تەریقەتی نەقشبەندی، قادری، سوهرەوەردی، کوبرەوی و چەشتیدا پێ دەدات. هەروەها دەگووترێت کەوا چەندین ساڵ لەلای شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی دەمێنێتەوە و لەسەر فەرمانی ئەو لە ساڵی ١٨١١ دەگەڕێتەوە کوردستان. دوای ماوەیەک مانەوە دەچێتە بەغداد و پێنج مانگ لە بارەگای غەوسی گەیلانیدا دەمێنێتەوە و دیسان دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، ئەمجار دەست دەکات بە ئیرشادی خەڵک بۆ تەریقەتی نەقشبەندی.

مەولانا چۆن و بۆچی دەچێتە هیندستان؟ ئایا مەولانا بەر لەوەی بچێتە هیندستان، تەنانەت بەر لەوەی بچێتە حەجیش زانیارییەکی ئەوتۆی لەبارەی تەریقەتی نەقشبەندی و پێشەوا و شێخەکانی ئەو تەریقەتە هەبووە یاخود نا؟ وەکو دیارە زانیاریی جیاواز و ناکۆک بەیەک لەوەڵامی

ئەو پرسیارانەدا هەیە. بەڵام وا مەزەندە دەکەم کە مەولانا بەرلەوەی بچێتە حەج زانیارییەکی باشی سەبارەت بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە هەبووبێت. ئەگەرنا کەسێتییەکی زرنگی وەک مەولانا هەروا لەخۆیەوە و بێ زانیاریی ڕێگای هیندستانی نەگرتۆتە بەر و نەچووەتە سەر ئەم تەریقەتەوە. ئەو ڕایەی پێی وایە پێش مەولانا کاریگەرییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی گەیشتبێتە کوردستان ڕایەکی تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە.

چونکە پێش چوونی مەولانا بۆ هیندستان تەریقەتی نەقشبەندی لە ئێران و وڵاتانی دەوروبەریدا بەڕادەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە. تەنانەت ڕێبەرانی نەقشبەندییەکان توانیویانە دژی دەسەڵاتدارێتی قاجاریی چەندین ڕاپەڕینی سیاسی بەرپا بکەن. بۆ نموونە؛ لەساڵی ١٨٠٧ ڕاپەڕینی «هەرات» لەلایەن «سۆفی ئیسلام»ەوە دژ بە دەسەڵاتدارێتی قاجارییەکان بەرپا بووە. دەگووترێت؛ بەئامانجی جیاکردنەوەی «هەرات» بووە لە ئێران. لە ساڵی ١٨١٣شدا بە ڕابەرێتی خواجە یوسف کاشغەری لە تورکستانی ژێر دەسەڵاتدارێتی قاجارییەکاندا ڕاپەڕینێکی دیکە بەرپا بووە. ئیدی ئەوجۆرە ڕاپەڕینانە لەژێر دەسەڵاتدارێتی قاجارییەکاندا بەردەوام بوونە. لە ساڵی ١٨٤١یشدا ڕاپەڕینێکی دیکە لەناو تورکمانەکانی ئەستەر بەڕێبەرێتی خواجە محەمەد یوسف جامی بەرپا بووە. هەموو ئەمانە ئەوە دەخەنەڕوو کە نەقشبەندێتی پێش چوونی مەولانا بۆ هیندستان گەیشتبێتە کوردستان و کاریگەری خۆیشی هەبووبێت.

مەولانا بۆ جاری دووهەم چووتە بەغدا و دوای چەند ساڵێک گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ماوەی شەش ساڵ لەوێ ماوەتەوە. دواجار دەرک بەوە دەکات کە دۆخی دژواری سلێمانی، بەتایبەتیش ململانێی ناوخۆیی میرانی بابان لەناوخۆیاندا و دژبەریێتی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ هەوڵەکانی ئەو، بۆ جاری سێهەم دەچێتەوە بەغداد، دوای دوو ساڵ مانەوە، بەرەو شام وەڕێ دەکەوێت. لە شامیشەوە بەرەو شاری قودس گەشت دەکات و گەلێک زانا و کەسێتی ناسراو و خەڵکی تر لەسەر دەستی ئەو دێنە سەر تەریقەتی نەقشبەندی. دوای گەڕانەوەی بۆ شام خەریکی وانەگووتنەوە بە فەقێکان دەبێت و لەو ماوەیەدا جارێکی دیکەش دەچێتەوە حەج. ساڵێک دوای گەڕانەوەی لە حەج، لەشەوی چوارشەممەی مانگی ١١ی ذي القعدة ١٢٤٢ک (١٨٢٦ز) تووشی نەخۆشی تاعوون دەبێت و لە شەوی هەینی ١٣ی هەمان مانگدا لەنێوان نوێژی شێوان و خەوتناندا لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لەچیای قاسیۆنی شامدا دەنێژرێت. پێش ئەوەش دوو کوڕی بەهەمان نەخۆشی کۆچی دوایی دەکەن.

لێرەدا دەکرێ بپرسین بۆچی مەولانا جگە لە شوێنی تر شام هەڵدەبژێرێت، لەکاتێکدا شامیش لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دابووە؟! هۆکاری سەرەکی ئەمە بەڕوونی نازانرێت. بەڵام دەگووترێت؛ مەولانا یەکێک لە خەلیفەکانی خۆی بەناوی شێخ ئەحمەد هەولێری بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی دەنێرێتە شام.

لەوێوە شێخ ئەحمەد هەولێری پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت و خەڵکی ئەوێ داوا دەکەن کەوا مەولانا سەردانیان بکات. مەولاناش بەو مەبەستەوە دەچێتە شام و ئیدی ناگەڕێتەوە.

نەقشبەندیناسان ڕایان وایە کە مەولانا خالید، توانایەکی زانستی بەرز و، هێزێکی دەروونیی نائاسایی هەبووە، چونکە زۆر کەسایەتی و زانای دیاری لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا خستۆتە ژێر کاریگەرییە دەروونییە بەهێزەکەیەوە و لەسەر دەستی ئەو تەریقەتیان وەرگرتووە. مەولانا پێش ئەوەی سلێمانی و بەغداد بەجێبهێڵێت دوو لە شێخە گەورەکانی تەریقەتی قادری «شێخ عەبدوڵڵا و شێخ ئەحمەدی سەردار» دەخاتە ژێر کاریگەریی بیر و باوەڕیی تەریقەتەکەی خۆیەوە و وادەکات کەوا واز لە تەریقەتی قادری بهێنن و بێنە سەر تەریقەتی نەقشبەندی. ئەمەش گەورەیی و جەربەزەیی مەولانا دەخاتەڕوو کە لەناوەندی هەژموونی قادرییدا بتوانێت ئاوا کاریگەریی خۆی بنوێنیت. مەولانا، کتێبی زۆری نووسیوە و هەروەها بە کوردی و فارسی و عەرەبی شیعری گووتووە کە زۆربەی شیعرەکانیشی پاڕانەوە لە خوا و پێغەمبەر و مەدحی پیاوچاکانن. هەروەها مەولانا یەکەم کەس بووە کە پەخشانی کوردی نووسیوە، عەقیدەکەی بە کوردی نووسیوە.

## ٦. بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا:

بۆچوونێک هەیە پێی وایە کە تەریقەتی نەقشبەندی پێش مەولاناش گەیشتۆتە کوردستان. بەڵام تەریقەتی قادری ڕێگریی لە پەرەسەندنیدا کردووە. بێگومان ڕاستییەک لەم بۆچوونەدا هەیە کە کاریگەرییەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی بەڕادەیەکی کەم گەیشتبێتە کوردستان. بەڵام دیارە نەبۆتە تەریقەتێکی کۆمەڵایەتی سەرتاپاگیر و خاوەن هەژموون. بەڵام ئەو تەریقەتە کاتێک لەسەر دەستی مەولانا خالید بڵاودەبێتەوە، ئەوا دەبێتە تەریقەتێکی میلیی نێو کۆمەڵگەی کوردەواریی کە خاوەن هەژموونی خۆی بێت. بێگومان ئەوەی نەقشبەندییانی کوردستان لەنەقشبەندیانی وڵاتانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە نەقشبەندییەکانی کوردستان تێکڕا لەپەیڕەوانی مەزهەبی ئیمامی شافیعین، بەڵام نەقشبەندییانی ئەفغانستان و هیندستان و وڵاتانی ئاسیای ناوەند لەپەیڕەوانی ئیمام ئەبو حەنیفەن. هەروەها مەولانا بۆخۆیشی نوێبوونەوەیەکی بەرچاوی لە تەریقەتەکەدا کردووە و تەنانەت تەریقەتی نەقشبەندی لە مەولانا بەدواوە بە «نوێکەرەوە – المجددیة» و «خالیدی»ی ناوەزەد دەکرێت.

لە ساڵانی نێوان ١٨١١ تا ساڵی ١٨٢٠دا سەرەڕای ئەوەی چەند جارێک هەوڵی کوشتنی مەولانا لەلایەن قادرییەکانەوە دراوە، بەڵام زۆرترین بانگەشەکانی مەولانا لەو ماوەیەدا بووە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا. لەو ماوەیەدا

مەولانـا خالیـد و خەلیفەکانـی زۆرتریـن خەڵـک دێننـە ریـزی تەریقەتەکەیانـەوە. مەولانـا لەمـاوەی بانگەشـەکانی بـۆ تەریقەتەکەیـدا ٦٧ خەلیفـە و نوێنـەری خـۆی دەستنیشـان دەکات کـە ٣٣یـان کـورد بوون. هەروەهـا ئەوکاتـە کـە مەولانا هێشـتا لـە ژیانـدا بـووە زیاتـر لـە ١٢٠٠٠ سـۆفی و موریـدی هەبـووە.

لەنێـو ئـەو ٣٣ خەلیفـە کـوردەی مەولانـادا کـە پەروەردەی کردن و ئامادەی کردن بۆ نوێنەرایەتی و خەلیفایەتـی و بڵاوکردنـەوەی تەریقەتـی نەقشـبەندی لـە کوردسـتاندا، چەنـد خەلیفەیەکیـان رۆڵێکـی مەزنیـان لـە بڵاوکردنـەوەی تەریقەتـی نەقشـبەندی لـە کوردسـتاندا هەبـووە. لەوانـە؛ شـێخ عوسـمانی سـیراجەددین لـە هەورامـان، شـێخ ئەحمـەدی سـەردار لـە سـلێمانی و بەتایبەتـی لـە ناوچـەی سـەرگەڵوو و سـورداش و دەورەبەرەکـەی، سـەید تەهـای نەهـری باوکـی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری لـە باکووری کوردسـتان. هـەر یەکێـک لـەو خەلیفانـەی مەولانـا توانیویانـە نەقشـبەندێتی لـە کوردسـتاندا بەرەو پێشـەوە ببەن. بەڵام پاشـان لەنێو ئـەو تەریقەتـەدا چەنـد رێچکەیەکـی تاڕادەیـەک جیـاواز لەیەکتـری لـە کوردسـتاندا گەشـە دەکات.

دەکرێ بڵێین تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا، لەسـەردەمی مەولانـا و یەکەمیـن خەلیفەکانیـدا ئەگـەر توانیویەتـی ببێتـە تەریقەتێکـی ئایینـی – کۆمەڵایەتـی – نیشـتمانپەروەر لەسـەر ئـەو بنەمایانـە بـووە:

یەکەم: بانگەشەی دژایەتی زوڵم و بێدادی دەکرد.

دووەم: بانگەشـەی خۆپـاک کردنـەوە لەتـاوان و گەڕانـەوە بـۆ سـەرچاوەکانی حـەق و راسـتی و جوانـی دەکـرد.

سـێیەمیان: کەمتـر خـۆی لـە سـەرانی دەوڵـەت و کاربەدەسـتان نزیـک دەکـردەوە.

تەریقەتـی نەقشـبەندی وەک تەریقەتێکـی تـازە پێگەیشـتوو لـە کوردسـتان و بـەو بانگەشـانەی دەیکـرد، وەک چـۆن بـووە تەریقەتێکـی خەڵکـی سـتەملێکراو، لەهەمانکاتیشـدا بـووە تەریقەتـی بنەماڵـە خانەدانـە دەسـەڵاتدارەکانی کوردسـتان. بەتایبەتـی ئـەو بنەماڵـە خانەدانانـەی کوردسـتان کـەوا دەسـەڵاتدارێتی قاجـاری و عوسـمانی، دوای نەمانـی میرنشـینەکانی کوردسـتان تەنگیـان پێهەڵچنرابـوو و فشـار و گوشـارێکی زۆریـان بـۆ هێنابـوون. ئەمـەش وایکـردووە بزووتنـەوەی سیاسـی و چەکداریـی کلاسـیکی کـورد لـەدژی دەسـەڵاتدارێتی قاجـاری و عوسـمانیدا لەسـەر دەسـتی ڕابەرانـی تەریقەتـی نەقشـبەندی لەدایـک ببێـت و پێشـبکەوێت، کـە بـە ڕاپەڕینـی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری لـە سـاڵی ١٨٨٠دا دەسـتپێدەکات و تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمیش بـەردەوام دەبێـت.

ئـەوەی جێـی سـەرنج و تێڕامانـە؛ تەریقەتـی نەقشـبەندی لـە کوردسـتاندا دەبێتـە تەریقەتـی بەرەنگاربوونـەوە و ڕاپەڕیـن لـەدژی دەسـەڵاتدارێتی قاجاری و عوسمانیی و دواتریش لەدژی ئینگلیزەکان. لەبەرامبـەر ئـەو سـتەمکاریی و چەوسـاندنەوەیەی

عوسمانییەکان دژی گەلی کورد بەڕێوەی دەبەن، ڕابەرانی تەریقەتی نەقشبەندی زنجیرەیەک ڕاپەڕین بەرپا دەکەن، هەروەها بەشێوەیەکی کاریگەرییش بەشداریی لەو ڕاپەڕینانە دەکەن کە خۆیان ڕابەرێتییان نەکردووە. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە تەریقەتی نەقشبەندیی هەر لە مەولانا خالیدەوە، مەیل و چەمکێکی دژە دەسەڵاتدارێتیی هەبووە و لەبەرامبەر زوڵم و چەوسانەوەدا خاوەن هەڵوێست بووە. بەڵام دواتر و لەقۆناخی جیاوازدا، لەنێو هەمان تەریقەتدا هێڵێکی دەسەڵاتخوازی هەژموونگەرای دژ بە تێکۆشانی گەلی کوردستان سەرهەڵدەدات و دەبێتە تەریقەتێک بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و پارێزوانی دەسەڵاتدارێتی چینی باڵادەستی کورد و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

لێرەدا دەکرێ بپرسین؛ ئایا تەریقەتی نەقشبەندیی وەک بزووتنەوەیەکی ئایینی – کۆمەڵایەتی، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، چۆن و لەسەر چ بنەمایەک لەگەڵ بزووتنەوەی میللی سیاسی و چەکداریی کورد تێکهەڵکێش و ئاوێتەی یەکتری بوون و بووەتە تەریقەتی ستەملێکراوان و چەوسێنراوان؟ دەکرێ پرسیارێکی تری پێچەوانەش بکەین کە؛ ئایا چۆن و کەی و بۆچی هێڵێکی دەسەڵاتخوازی لەنێو تەریقەتی نەقشبەندییدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە تەریقەتێکی چینی باڵادەستی کورد و دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان؟! وەڵامی هەردوو پرسیار لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا دەخەینەڕوو.

# بەشی دووەم:

## نەقشبەندێتیی و دوو ئەزموونی کوردەواری

لـەم بەشـەدا؛ بەکورتـی باسـی دوو ئەزموونـی نەقشـبەندێتی کـوردی دەکەیـن کـە تاڕادەیـەک ناوازەن. یەکەمیان ڕێچکەی نەهرییبە، کە یەکەمین بزووتنەوەی سیاسی – چەکداریی کلاسیکی کوردییە بەڕابەرێتـی پێشـەوای ئایینیـی دەسـتپێدەکرێت و بەدوایـدا دەیـان راپەڕیـن و سـەرهەڵدان لەسـەر هەمـان ڕێچکـە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم بـەردەوام دەبێت. دووەمیـن ڕێچکـەش بزووتنـەوەی هەقەیـە کـە بـە بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی کۆمینالـی خۆڕسـک دادەنرێـت و لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە تاوەکـو ئێسـتا وەک بەشـێک لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـی باشـووری کوردسـتان بەردەوامـی بـە ڕێبـازی خۆیـان دەدەن.

## ١. نەقشبەندێتی و سەرهەڵدانی یەکەمین بزووتنەوەی سیاسی – چەکداریی کلاسیکی کوردی

سـەید تەهـا لـە خەلیفـە یەکەمینەکانـی مەولانـا خالیـد بـووە. مەولانـا گرنگییەکـی زۆری بـە سـەید تەهـا داوە و نامـەی تایبەتـی لـە شـامەوە بـۆ نووسـیوە. کاتێـک کـە فەتـح عەلـی شـای قاجـاری داوا لـە سـەید تەهـا دەکات سـەردانی بکات، مەولانا خالیـد رەزامەنـدی لەسـەر ئەمـە دەرنابڕێـت و دوو نامـەی بـۆ دەنێرێـت. لەنامـەی یەکەمیـدا دەڵێـت: «دڵسـۆز و جگـەر سـۆزمە سـەید تەها، خـوا پشـت و پەنـات بێت و هەمیشـە لەشـەڕی هـەوەس و ئارەزوو پارێـزراو بیـت، کـە دەردێکـی گـەورەیـە و زۆربونـی

موریدانیش بۆ مرۆڤی ناتەواو بەڵایەکی گەورەیە و خوا لەوەت لابدات، دڵدانیش بەوڵاتی عەجەم بەژەهرێکی کوشندە و ژارەمار دەزانم، جائیتر چوون بۆ وڵاتەکەی ئەوان بۆ دیداری شای ئەوان چۆن دەبێ و هەرگیز لێت قبوڵناکەم، بەڵام بەو هۆیەوە کە دراوسێن، ئەوا ئاکاری جوان نواندن و دوور و دۆست بوون زیانێکی نییە، بەیاریدەی خوا ئەمەش سەرناگرێت، تەنانەت ئەگەر شاهیش داوای دیتنتانی کرد جا چ بگات بە کەسانی لەو پلە نزمتر وەڵام ئەمەیە: ئێمە دەروێشین و کارمان لەدنیادا برانە و دوعاکردنە بۆ پاشای ئیسلام و سەرخستنی دینی سەروەر و سالارمان (دروودی خوا لەخۆی و یارانی)، هاونشینی و هاوڕێییەتی کردنی ئەوانە بەچاک نازانم و ئەمەش لە تەریقەتی ئێمەدا نییە، لەبەرئەوە ئەوە جێبەجێ بکە کە لەسەرت پێویست کراوە و لێی لامەدە (فالزم ما أمر لک ولا تخالف)، داهاتووشت بەختەوەر بێت.»

لەنامەی دووەمیشی دەڵێت: «هەرگیز دیداری فەرمانڕەوایان بەچاک نازانم و دانی پێدانانێم، مەگەر ئەوەی بەدڵی پاک و نیازەوە بێت بۆلاتان.. بەڵام بۆیان بپارێنەوە تا یەزدانی مەزن بیانخاتە سەر ڕێگای راست، جا چ شیعە بن، چ سوننی، چونکە خێر و چاکەی دەسەڵاتداران لەبەختەوەری بندەستان و هەژاران دایە.»

شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕیشی کە لە ١٨٦٥ ز لە کوردستان بووەتە جێنشینی تەریقەتی نەقشبەندی لەماوەیەکی زۆر کورتدا خەڵکێکی زۆر لەدەوری

خۆی کۆدەکاتـەوە و دەبێتـە جێی هیـوا و پشـتیوان و دالـدە بۆیـان. ئەمــەش لــە دۆخێکـدا بــوو کــەوا کۆمەڵگـەی کـوردەواری لەبۆشـاییەکی سیاسـی گـەورەی داڕووخـان بوو، میرنشـینانی کورد کۆتاییان پێهاتبـوو، جەنگـە وێرانـکار و نەپسـاوەکانی نێـوان دەسـەڵاتدارانی ڕوسـی و عوسـمانی و بەتایبەتیـش هـەردوو دوو جەنگی دوای (١٨٥٣ – ١٨٧٨) و زوڵـم و زۆری عوسـمانی و قاجـاری دۆخێکـی دژواری لـە کوردسـتان دروسـتکردبوو.

شـێخ عوبەیدوڵـڵا لەتەمەنی سی و چـوار سـاڵی و لە سـاڵی ١٨٦٥ ز دوای مردنی محەمەد سـاڵحی برای سـەید تەهـا (واتـە دوای مردنـی مامـی) بۆتـە جێنشـین و ڕابـەری تەریقەتـی نەقشـبەندی، بەتایبەتـی دوای کۆچـی دوایـی شـێخ عوسـمانی سـیراجەددین لـە سـاڵی ١٨٦٦، بەمـەش شـێخ عوبەیدوڵـڵا دەبێتـە تاقـە شـێخی ئیرشـادی ئـەم تەریقەتـە. شـێخ عوبەیدوڵـڵا بەهـۆی زانایـی و لێهاتوویـی خـۆی توانـی سـەرنجی ژمارەیەکـی گـەورەی خەڵکـی کـورد بـۆلای خـۆی رابکێشـێ و لەناوچەکـەی خۆیـەوە (نەهـری) ڕابەرایەتـی جەماوەرێکـی بەرفـراوان بـکات. لەڕاستیشـدا شـێخ عوبەیدوڵـڵا بەوجـۆرە خـۆی دییـەوە، دەبینیـن لـەدوای دەسـەڵات سـەندنەوە لـە میر و دەرەبەگەکانی کورد شێخ عوبەیدوڵـڵا دەبێتە یەکەمیـن ڕابـەری ئایینـی لەمێـژووی نوێـی کـورددا، کـە جڵـەوی بزافـی سیاسـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بگرێتـە دەسـت. ئەمـەش دەسـەڵاتی ئیرشـادی تەریقـەت پایـەی دیینـی، کۆمەڵایەتـی، سیاسـی لـە جـاران بەهێزتـر کردبـوون.

خانەقاکەی شێخ لە نەهری جگە لەوەی ناوەندی ئیرشادی تەریقەت و پێکەوە گرێدانی ئەو ڕێکخراوە گەورەیە بوو، شێخ کردبووی بەبارەگای سیاسی و سوپایی جوڵانەوەکەی، لەوێ ناودارەکانی کوردی دەبینی، گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، کۆی دەکردنەوە و ئامۆژگاری دەکردن، ڕۆژانە (١٠٠٠-٥٠٠) کەسی دەبینی. لە سەرەتای مانگی ئابی ١٨٨٠دا گەورەترین کۆبوونەوەی لەشێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا سازدا، هەموو بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکانی دۆست و دوژمنانی کورد سەبارەت بە بەرنامەکانی ئەم کۆنگرەیە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم کۆبوونەوە فراوانەی نەهری و بەشداربوونی شێخ و خەلیفە و میرزادە بەمەبەستی داڕشتن و دانانی پرۆگرام و بەرنامەیەک بووە بۆ ئازادکردنی هەردوو کوردستانی بندەستی قاجاری و عوسمانی.

ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێت و کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هوشیاریی نەتەوەیی و یەکبوونی گەل هەبووە. بەڵام دواجار ئەو ڕاپەڕینە مەزنەی گەلی کورد تێکدەشکێت و سەرکوت دەکرێت. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەستگیر دەکرێت و وڵاتبەدەر دەکرێت و دەنێردرێتە مەککە. دواجار لەمانگی١٠ی ساڵی ١٨٨٣ز بەنەفی کراوی لەمەککە کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە ئەو ڕاپەڕینە یەکەمینەی بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی سەرکوتدەکرێت. بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی دەیان ڕاپەڕین و بزووتنەوەی دیکەی گەلی کورد.

## ٢. بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی – کۆمیناڵی لەهەناوی نەقشبەندێتیدا (بزووتنەوەی هەقە):

بەگوێرەی ڕێنمایی مەولانا خالید پێویستبوو لە سلێمانی زنجیرەی شێخایەتی تەریقەتەکەی لە مەولاناوە تا حەوت شێخ دەور بکرێت و دوای ئەوە رابوەستێت. بۆیە دوای ئەوەی شێخ ئەحمەدی سەردار تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر دەستی مەولانا خالید وەردەگرێت و وەک خەلیفەیەکی مەولانا لە ناوچەکانی سەرگەڵوو و سورداشدا دەست بە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات، خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچەیە ئەو تەریقەتە وەردەگرن. دوای شێخ ئەحمەدی سەردار ئەم شێخانە بەڕیزبەندی دەبنە شێخی تەریقەت لەو ناوچەیەدا: شێخ قادرە سووری کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار، شێخ ڕەزای عەسکەر، شێخ محەمەدی ئیلالا، حاجی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ڕەزا، شێخ ئەحمەدی گەلنێری، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە.

### ا. بزووتنەوەی هەقە:

شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە (١٨٩٢- ١٩٤٢) (شەدەڵە گوندێکی ناوچەی سەرگەڵووە) لە ساڵی ١٩٢٠وە و لەتەمەنی سی ساڵیدا پێشەوایەتی تەریقەتی نەقشبەندی ئەو ناوچەیەی کردووە. بەلام شێخ عەبدولکەریم لەسەرەتای ساڵانی بیستەکاندا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی – ئایینی

نـوێ بەنـاوی «هەقـە»وە دادەهێنێـت و بەخێرایـی بەناوچەکانـی سـووورداش، پشـدەر و بتوێـن و خەڵـەکان و دوکان و کلکەسـماق و کۆیـە و ئاغجەلـەر و شـوان و کەرکوکـدا بـڵاو دەبێتـەوە.

بۆچوونێـک هەیـە پێـی وایـە کـە؛ هەرچەنـدە ڕابـەری بزووتنـەوەی هەقـە شـێخێکی نەقشـبەندییە، بـەڵام تـا ڕدەی دەرچـوون و دوورکەوتنـەوە لـە تەریقەتەکـە لێـی دەرچـووە و دوور کەوتۆتـەوە. بـەڵام بـەڕای مـن ئـەم ڕایـە کـەم قووڵبوونـەوەی تێدایـە. ئەگەرنـا لەبنچینـەدا بزووتنـەوەی هەقـە ڕاسـتە ڕەچەیەکی نوێیـە، بـەڵام جەوهـەر و کرۆکـی نەقشـبەندێتی و ڕۆحـی ڕەسـەنی سـۆفیگەرایی بەرجەسـتە کـردووە. هەقیقەتـی سـۆفیگەرێتی و تـەواوی بزووتنـەوە ئایینییـە - کۆمەڵایەتییـە یەکسـانیخواز و دادپـەروەرەکان - لەنێویشـیاندا تەریقەتـی نەقشـبەندی - لـە بزووتنـەوەی هەقـەدا بەرجەسـتە بـووە. ئـەم بزووتنەوەیـە کـە لەناوەڕۆکـی خۆیـدا بزووتنەوەیەکـی سۆسیالیسـتی و کۆمینالێـی خۆڕسـک و ڕەسـەنە، بێ ئـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـە بزووتنـەوەی چـەپ و سۆسیالیسـتی و کۆمۆنیسـتیی جیهانـەوە هەبێـت.

## ب. بزووتنەوەی هەقە وەک بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی و نەتەوەیی:

بزووتنـەوەی هەقـە لەهەمانکاتـدا وەک بزووتنەوەیەکـی نیشـتمانیی و نەتەوەیـی دژی

داگیرکاریی ئینگلیزەکان ڕادەپەڕن و بەشدارییەکی کاریگەرییان لە جولانەوەکانی شێخ مەحمودی حەفید کردووە، ئەمە لەکاتێکدا شێخ مەحمود بۆخۆی شێخێکی تەریقەتی قادرییە. بەڵام شێخ عەبدولکەریم و هەقەییەکان بەهەڵوێستێکی نیشتمانی و نەتەوەییانەوە ڕووبەڕووی داگیرکاریی ئینگلیز دەبنەوە و لەمێژوودا یەکەم بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیزەکان لە کوردستاندا بۆردومانی گوندی شەدەڵە بووە. ئینگلیزەکان ترسێکی زۆریان لە بزووتنەوەی هەقە هەبووە و گەلێک پڕوپاگەندەی نابەجێیان دژی ئەو بزووتنەوەیە بڵاوکردۆتەوە، سیخوڕی و چاودێریی زۆریان بەسەردا کردوون. تەنانەت برینداربوونی شێخ عەبدولکەریمیش لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بووە، کە دواجار هەر بەهۆی ئەو برینەیەوە کۆچی دوایی دەکات.

ئینگلیزەکان پێیان وایە کەوا ئەم بزووتنەوەیە پەیوەندی بە بزووتنەوەکانی ئەوکاتەی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانەوە هەیە، بۆیە لەساڵی ١٩٣٤دا شێخ عەبدولکەریم و چەند کەسێتییەکی هەقەیی دەستگیر دەکەن و رەوانەی زیندانی قشڵەی کەرکوکیان دەکەن. چەند کەسێکی تریشیان بۆ حەویجە دوور دەخەنەوە. هەر ئەوکاتەی سۆفی و موریدانی هەقەیی هەواڵی دەستگیرکردنی شێخ عەبدولکەریم دەبیستن، دەستبەجێ زیاتر لە دە هەزار سۆفی هەقەیی بە ژن و پیاویانەوە، لە شار و گوندەکانی خۆیانەوە، بەپێ بەرەو کەرکوک و بەردەرگای زیندانەکە دەچن و داوای دەستبەجێ ئازادکردنی شێخ عەبدولکەریم و کەسەکانی دیکە

دەکـەن. پیاوانـی هەقەیـی جلەکانیـان دادەکەنـن و تەنیـا گونیـە لەبـەر دەکـەن و دارە قولەیەکیـش بەدەسـتەوە دەگـرن، بـەم شـێوەیە بەشـداریی لـەو خۆپیشـاندانە دەهـەزار کەسـییە دەکـەن. بـەڕای مـن؛ ئـەم خۆپیشـاندانە بەواتـای وشـە خۆپیشـاندنێکی مۆدێرنـە و دەچێتـە چوارچێوەی یاخیبوونـی مەدەنـی (نافەرمانـی مەدەنـی – سـەرپێچی مەدەنی)ـیانەوە. ئینگلیـزەکان سـەرەڕای ئـەوەی بەتوندوتیژیـی وەڵامـی داخوازییەکانـی هەقەییـەکان دەدەنـەوە و هەوڵـی دووبەرەکـی لەنـاو هەقەییـەکان دەدەن، بـەڵام بەناچاریـی شـێخ عەبدولکەریـم و هاوەڵانـی لـە زینـدان ئـازاد دەکـەن.

## ج. ڕێچکە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی هەقە:

شـێخ عەبدولکەریمـی شـەدەڵە پێش کۆچـی دوایـی، کەسـی بـۆ خەلیفـە و جێنشـینی خـۆی دەستنیشـان نەکـرد و تەنیـا بـە گووتـەی «کـەس ئیـزن نییـە و کەسـیش مەئـزوون نییـە بـۆ پێدانـی تەریقـەت و شـێخایەتی« ڕێنمایـی حـەوت شـێخایەتی جێبەجـێ دەکات. بـەڵام دوای شـێخ عەبدوکەریم، مامـە ڕەزای بـرای وەک پێشـەوای هەقـەکان پێشـەوایەتی دەکات. مامـە ڕەزا لەمـاوەی دوو سـاڵدا بزووتنـەوەی هەقـە لەشـێوە و ناوەڕۆکـدا دەکاتـە خـاوەن ڕێکخسـتن و بەرنامـە و پەیـڕەوی داڕێـژراوی خـۆی. بـەڵام دوای کۆچـی دوایـی شـێخ عەبدولکەریم سـۆفییەکی هەقەیـی بەنـاوی «حەمەسـوور» ناڕەزایەتـی

بەرامبەر بە پێشەوایەتی و بۆچوونەکانی مامە ڕەزا دەردەبڕێت و بەهۆی ئەو ناکۆکی و جیاوازییەوە حەمەسوور و کۆمەڵێک لە هەقەییەکان گوندی شەدەڵە بەجێدێڵن و لە گوندی کلاوقووتی سەر بەناحیەی شوان نیشتەجێ دەبن. بەمەش دوو ڕێچکە لەنێو هەقەییەکان درووست دەبێت کە بە مامەڕەزاییەکان و حەمەسوورییەکان ناوزەد دەکرێن. هەروەها حەمە ئاغای پشدەریش کە ئەویش ببوو بە هەقەیی، دوای کۆچی شێخ عەبدولکەریم دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی (کانی توو) لە ناوچەی مەرگە و لەوێ ڕێچکەیەکی هەقەیی پێشدەخات. بەئەوانیش دەڵێن حەمەئاغاییەکان. بەڵام دوای کۆچی دوایی حەمە ئاغا ئەو ڕێچکەیە نامێنێت. هەروەها شێخ عەبدوڵڵای شێخ مستەفای عەسکەریش – باوکی شەهید عەلی عەسکەری - لە گوندی عەسکەر کار بۆ ئەوە دەکات کەوا بزووتنەوەی هەقە بگەڕێتەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندیی کلاسیکی خۆی. دەگووترێت ئەو هەوڵەی شێخ عەبدوڵڵا زیاتر هەوڵێکی دەرەبەگیانە بووە، و لەگەڵ ڕاستینەی پێشکەوتنەکانی هەقەییەکاندا یەکانگیر نابێتەوە.

بێگومان هەقەییەکانی بزووتنەوەی هەقە بەشدارییەکی کارایان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا کردووە. تەنانەت لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباددا بەدەیان جەنگاوەری هەقەیی بەخۆیان و پێداویستی جەنگی خۆیانەوە، بەنێو سەرما و بەفری زستاندا دەچنە مەهاباد و

بەشداریی لە سوپای کۆمار دەکەن. هەروەها لە بزووتنەوە سیاسی و چەکدارییەکانی باشووریشدا بەشدارییەکی کارایان هەبووە و هەیە و ناوچەکەیان و خەڵکەکەی مەڵبەندی تێکۆشان و وزەی سەرەکی بەرگریی بووە.

## د. بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی هەقە:

پێشەوایانی بزووتنەوەی هەقە، بەتایبەتی مامە رەزا و حەمەسوور، بنەماکانی بزووتنەوەی هەقەیان بەجیا بەشێوەیەکی روون و دیاریکراو دارِشتووە. دەکرێ کۆی بنەماکانیان لەم خاڵە هاوبەشانەی خوارەوەدا پۆلین بکەین:

١. هەقپەروەریی: یەکەم بنەمای کۆکەرەوەی ئەندامانی کۆمەڵی هەقەیە. بەگوێرەی ئەم بنەمایە پێویستە هەقەییەکان هەقپەروەر و لایەنگری هەق بکەن و لەناهەقی و ستەم دووربکەونەوە، تەنانەت ئەم هەقپەروەری و لایەنگری و دوورکەوتنەوەیەش لەبەرژەوەندییان نەبێت. بزووتنەوەی هەقە خوا بەیەکەمین هەق دادەنێت و دەبێت هەموو هەقیقەتەکانی تری وەکو «دادوەری، راستگۆیی، هاوبەشی، یەکسانی و برایەتی و ...هتد» ملکەچی ئەم هەقیقەتە گەورەیە بن و لەسایەیدا ناهەقی نەکرێت. رێبازی هەقە، هەقیقەت بەتەنیشت هەریەک لە «شەریعەت، تەریقەت و مەعریفەت»ەوە بە پایەیەکی گرنگی خواناسی دەزانێت، پێویستە ئەندامانی هەقە باوەڕیان پێی هەبێت و پەیڕەوی لێبکەن.

٢.	برایەتی (خوشک و برایەتی): مەبەست لەم بنەمایە تەبایی و پێکەوەییە. هەموو ئەندامانی کۆمەڵی هەقە خۆیان بە خوشک و برای یەکتر داناوە، باوەڕییان بەیەکسانی نێوانیان هەیە. خۆشەویستییەکی خوشک و برایانە هەموویانی پێکەوە پەیوەست کردووە و خۆیان بەیەک خێزانی گەورە داناوە و زۆرجار پێکەوە دانیشتوون و نانیان خواردووە. تەنانەت هەندێکجار لەیەک حەوشە و خانوودا وەکو کۆمەڵگەیەکی بچووک پێکەوە ژیاون و وەکو حەمەسوورییەکانی گوندی کلاوقووتی ناوچەی شوانی گەرمیان.

٣.	یەکسانی و دادپەروەری: کۆمەڵی هەقە هەوڵیداوە لەڕیگەی کۆکردنەوەی مەلا، شێخ، ئاغا، دەرەبەگ، جووتیار، مسکێن و ...هتد جیاوازی نەهێڵێت و هەوڵ بۆ سڕینەوەی مۆرکی دەرەبەگی لەو سەردەمە بدات، کە باڵی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا کێشابوو. بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمەدا و لەچاو کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی، باری کۆمەڵی هەقە باشتر بووە. لەمڕووەوە زۆربەیان لەئاستی ژیاندا یەکسان بوونە و چینی سەرووتریان نەبووە. هەندێک لە ئاغا و شێخ و دەرەبەگەکان کە بوون بە هەقەیی و بەئەندامی کۆمەڵی هەقە رازی بوون، وازیان لە موڵک و سەروەت و سامانیان هێناوە.

٤.	دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و پێدانی ئابوونە: لەسنووری کۆمەڵی هەقەنشیندا هەوڵ بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی دراوە بۆ

ئەندامانی کۆمەڵەکە لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئابوونەی مانگانەوە، کە لەڕێگەی برا دڵسۆزەکانی هەقەوە، کە پێیان گووتراوە «برا سەیارەکان — برا گەڕۆکەکان»ـەوە لەناوچەکانی هەقەنشیندا بەشێوەی مانگانە لەئەندام و موریدانی هەقە کۆکراوەتەوە بۆ کاروباری تەکیە و خانەقاکانی هەقە و پێداویستی ئەو شوێنانە و ئەندامانی کۆمەڵەکەیان پێدابین کردووە. بەشێوەیەک هەر کەسێک بەگوێرەی توانا و ویستی خۆی، پارە یان بەشێک لەبەرهەم و بەرووبوومی کێڵگەکەیان پێشکەش کردووە، ئەگەر کەسێک کارەسات یان ڕووداوێکی بەسەرهاتبایە، لەو پارە و پیتاک و ئابوونە کۆکراوەیە هاوکاری کراوە تا کارەساتەکەی پێوە دیار نەبێت.

٥. ڕەوشت: هەر یەک لە پەیڕەوانی هەقە دەبێت خاوەنی ڕەوشتێکی جوان و ڕێکخراو بێت، وەک خۆدوورگرتن لە دزی و درۆ و بوختان و کاری چەوت، پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەرنەچوون لە سنووری برایەتی. تەوقەکردن لەگەڵ یەکتر بە شێوازی دەست لەناودەست نەک دەست گووشین و بەبێ دەست ماچکردن.

٦. پرس و راوێژکردن: لەکاتی پێویستی و ڕوودانی هەر ڕووداوێک و پێشهاتێک، برا و خوشکانی کۆمەڵی هەقە بەبێ جیاوازی و پێکەوە کۆبوونەتەوە و پرس و ڕاوێژیان کردووە، تا سەرەنجام گەیشتوونەتە ئەنجامێکی دیاریکراو بۆ ڕێگەچارەی کێشە و بابەتەکە، دواتر وەکو بڕیارێک

کاریـان لەسـەر کـردووە و پێـوەی پەیوەسـتبوون. زۆرجار پیاوانی ڕیش سپی و بەتەمەن (پیاوماقوولـ)ـی هەقە ئـەم ڕۆڵەیان پێدراوە و پرس و ڕایان زیاتر پێکراوە و بانگهێشتی پرس و کۆبوونـەوەکان کراون.

٧. نەهێنیپارێـزی: کۆمەڵـی هەقـە کۆمەڵێکـی داخراوبـوون لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە و زۆر تێکـەڵاوی کەسانی تریان نەکـردووە، نەیانهێشـتووە کەسـانی دەرەوەی خۆیـان تێکەڵاویـان بکـەن و زانیاریـان لەسـەر کۆبکەنـەوە. هەروەهـا ئەندامانـی کۆمەڵـی هەقـە زۆر نهێنـی پارێـز بـوون و کار و بەرنامـەی خۆیـان بـۆ هیـچ کـەس و لایـەن و حکومـەت و دەسـەڵاتێک نەدرکانـدووە، تەنانـەت ئەگـەر دەسـتگیر و دەستبەسـەریش کرابـن.

٨. سەربەسـتی ژن: هـاوکات لەگـەڵ ئـەو کرانـەوە و جۆرە سەربەستییەی کـە لـەم ڕێبازەوە چووبـووە هـزر و مێشـکی هـەر تاکێکی بزووتنـەوە یـان کۆمەڵـی هەقـەوە، ژن لەنێـو ڕیـزی هەقەکانـدا ڕێزێکـی زۆری لێگیـراوە و پێگـە و پایەیەکـی بـەرز و تایبەتـی هەبـووە، لەسـەرجەم مەراسـیم و کـۆڕ و کۆبوونـەوە ئایینیـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا بەشـداری کـردووە، بـە ئەوپـەڕی سەربەسـتییەوە و بەشـێوەیەکی ئازادانـە هاوسـەری خـۆی هەڵبژاردووە. لەبەشـوودانیدا شـیربایی وەرنەگیراوە. بێگومـان ئەمـە لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە بـۆ ژیانـی ئـەو سـەردەمەی کۆمەڵگـەی کوردەواری هەنگاوێکـی گـەورە و بوێرانـە بـووە. لەلایەکـی تـرەوە پیاوانـی هەقـە زۆر بەکەمـی فرەژنیـان کـردووە بـە بـەراورد

لەگـەڵ دەوروبەریانـدا، ژنیـان ڕەدوو نەکەوتـوون و پیاویشـیان کەسـیان ڕەدووی خۆیـان نەخسـتووە و کەمتریـن گرفتـی خێزانـی و کۆمەڵایەتیـان هەبـووە. دژی ژن بـە ژنـی و گـەورە بـە بچـووک بوونـە. لـەو سـۆنگەیەوە باوەڕیـان بـە سـەربەسـتی و ئـازادی ژن هەبـووە، ئەمـە وای کـردووە کـە خانەقـای شـەدەڵە لەناوچـەی سـەرگەڵووی سـورداش ببێتـە لانکـەی پاراسـتن و بەرگریکـردن لـە چەندیـن ژن و داڵدەدانیـان، هـاوکات چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانیـان.

٩. هـزری ناتوندوتیـژی (ڕۆشـنبیری ئاشـتی): هەرچەنـدە هـزری ناتوندوتیـژی دەگەڕێتـەوە بـۆ گانـدی، بـەڵام هەقەکانیـش وەکـو کولتوورێـک باوەڕیـان بـە هـزری ناتوندوتیـژی و پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە هەبووە و پەیڕەویان کردووە. بەشێوەیەک لەمێـژووی ئـەم کۆمـەڵ و بزووتنەوەیـەدا کوشـتن و شـەڕکردن زۆر بەکەمـی تۆمارکـراوە، چەنـد حاڵەتێکی کـەم، کـە داکۆکیکـردن لـە مافی گشـتی و یارمەتیدانـی شـۆڕشـی کوردی لێدەربچێت، هەقـەکان بەشـێوەی ئاشـتیانە ژیـاون و بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان پەنایـان بـۆ چـەک هەڵگرتـن نەبـردووە، بەڵکـو بەشـێوازی دانوسـتان و گفتوگـۆی ئاشـتیانە کێشـەکانیان چارەسـەر کـردووە.

١٠. کاروباری ڕێکخستن: هەقەکان لەو گوندانەی تێیـدا نیشـتەجێبوون، تەکیـەی تایبـەت بـە خۆیـان دامەزراندووە و کاروبـاری خۆیان تێدا ڕێکخسـتووە و لەئاسـتی بارەگایەکـی ڕێکخسـتندا بـووە.

لەسەر ئاستی گوند ئەو کەسەی سەرپەرشتی تەکیەی دەکرد پێی دەگووترا «سەرتەکیە»، کە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئابوونەی ڕێکخستنی هەقەکانی گوندەکە و بەڕێوەبردنی تەکیەکەی دەکرد، ڕۆڵی بەرپرس و کادیری یەکەمی هەقەی لەو گوندە دەبینی، بە زاراوەی ئەمڕۆ ئەم سەرتەکیەیە، کە بەشێک لەو سەرتەکیانە ژن بوونە، ئەڵقەی ڕێکخستنی نێوان خانەقا و هەقەکانی گوندەکە بووە، ژمارەی تەکیەکانی هەقە لە شار و گوندەکاندا دەگەیشتە ٦٢ تەکیە، لەوانە تەکیەی سلێمانی، کەرکوک، ئاغجەلەر/ عەسکەر، سەرمۆرد، سورداش، کڵاوقووت، کلکەسماق، قۆمەرغان، سێدەر، شەدەڵە، هەنجیرە/ بنگرد، بوگد/کۆیە، قزلو/ تەقتەق و...هتد.

١١. پاکوخاوێنی: پاکی و پاراستنی تەندروستی تاک و خێزان و کۆمەڵ یەکێکە لە ڕەوشت و ئامۆژگارییە گرنگەکانی بزووتنەوەی هەقە، کە لە دەستپێکی بەرنامەکەیان دایە. ڕێنمایی پەیڕەوانین کردووە کە هەمیشە جل و بەرگەکانیان خاوێن و ڕازاوە و جێگەی سەرنج بێت و ڕۆژانە ڕیشیان بتاشن و گرنگی بە کەلوپەلی ناو ماڵ و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان بدەن.

١٢. جگەرە نەکێشان و چا نەخواردنەوە، کە لەلایەن حەمەسوورییەکانەوە باو بووە و پەیڕەویان کردووە.

١٣. وەچە و منداڵ نەخستنەوە، کە دیسیان

حەمەسووررییەکانی گوندی کڵاوقووتی ناوچەی شوانی چەمچەماڵ پەیڕەویان کردووە. بەبیانووی ئەوەی منداڵ و وەچە فیتنە و بەڵا و کێشەیە، ئەمەشیان لەم ئایەتەی قورئانەوە وەرگرتووە: «انما اموالکم و أولادکم فتنە» هەرچەندە ئەم ئایەتە پیرۆزە کە باسی ماڵ و منداڵ پێکەوە دەکات، ماڵێشی پێش منداڵ خستووە.

# دەرئەنجام

لـەم کورتـە توێژینەوەیـەدا دەردەکەوێـت ئایین و ئاییـنزا و تەریقەتـە ئایینییـەکان، خـاوەن هـزر و یۆتۆپیـای خۆیـان بـوون، بەڕێگاکانـی سـەلەفیەت، عەقلانییـەت و عیرفانییـەت گوزارشـتیان لەخۆیـان کـردووە. کاریگەریـی هەمەلایەنـەی ئابـووری، کولتـووری، کۆمەڵایەتـی و هزرییـان بەسـەر تـاک و کۆمەڵگەکانـەوە هەبـووە. هەمیشـە نێوانیـان لەگـەڵ سیسـتەمی دەسـەڵاتدارێتییدا لەنێـو پەیوەنـدی-ناکۆکیـی دابوونـە.

عیرفانییـەت و تەسـەوف مێژوویەکـی دێرینیـان هەیـە و بەچەندیـن قۆناخـی مێژووییـدا تێپەڕیـون. دەکرێ بڵێین؛ سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی تەریقەتە سـۆفیگەراکان ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە دۆخـی کۆمەڵـگە و سیسـتەمی دەسـەڵاتدارێتیی هەبووە. لـەم نێـوەدا ئـەو تەریقەتانـەی سـەرەتا وەک ڕەوتێکـی دژبەریـی دەسـەڵاتدارێتی و دۆخـی ناهەمـواری کۆمەڵـگە سـەریانهەڵداوە، دواتـر لەنێـو خـودی ئـەو تەریقەتانـەدا ڕەوتێکـی تەبـا و ملکـەچ و دەسـتەمۆی دەسـەڵاتدارێتیش سـەریهەڵداوە، کـە خۆبەخـۆ دوورکەوتنـەوە بـووە لـە کـرۆک و ئامانـج و پەیامـە جەوهەرییەکانـی ئـەو تەریقەتانـە.

کاتێـک کـە تەریقەتـی نەقشـبەندێتی لەڕێـی مەولانـا خالیدی شارەزووریی لە هەندستانە دەگاتە کوردستان، تەریقەتـی قادریـی وەک تەریقەتێکـی هەژموونگـەرا و نزیـک لـە دەسـەڵات باڵادەسـت بـووە. تەریقەتـی

نەقشبەندێتی لە کوردستاندا فۆرمێکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینە ستەملێکراو و چەوساوەکانی و کوردستان وەردەگرێت، هەرچەندە دواتر هەر لەنیو خودی ئەم تەریقەتەدا ڕەوتێکی دەسەڵاتخواز و دەستەمۆی دەسەلاتداران دەردەکەوێت.

تەریقەتی نەقشبەندێتی لە کوردستاندا تاڕادەیەکی زۆر خۆی لە ڕەوتە گشتییەکەی ئەو تەریقەتە جیادەکاتەوە و چەندین ئەزموونی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردستان لەهەناوی تەریقەتە گشتییەکەدا سەرهەڵدەدات. لەم توێژینەوەیەدا تەنیا دوو لەو ئەزموونەمان بە نموونە هێناوەتەوە کە ئەزموونی «نەهرییەکان» و ئەزموونی «هەقەییەکان»ـە.

لەم دوو ئەزموونەوە تێدەگەین کەوا تەریقەتی نەقشبەندێتی لەسەر ڕاستەڕێی خۆیدا و تەبا لەگەڵ جەوهەر و کرۆکی خۆیدا لەڕێگەی ئەو دوو ئەزموونەوە بەردەوامیی بەخۆی داوە. نەقشبەندێتی وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی کە دژ بە ستەمکاریی و داگیرکاریی، داڕووخانی بەها ئەخلاقییەکاندا لەتێکۆشاندا دەبێت، بەرزکردنەوەی گیانی وڵاتپارێزیی و بەرخۆدان، بونیادنانەوەی ئەخلاقیانەی تاک و کۆمەڵگە بەڕێگەچارە و ڕێگەی ئایینیی دەبینێت.

لەمیانەی هەردوو ئەزموونەدا، تەریقەت وەک ڕابوونێکی جڤاکی دژ بە ستەم و چەوسانەوە، داتەپینی ئەخلاقیی خۆی شێوەبەند کردووە. بەمەش دەکرێ بڵێین؛ ئەو دوو ئەزموونەی نەقشبەندێتی

کوردی لەسەر ڕێچکە ڕاستەکەی مەولانا خالیدی شارەزووری ڕۆیشتوون و بەردەوامییان بە پەیامە ڕاستەقینەکەی مەولانا داوە. دیارە لەبەرامبەریشدا ڕەوتگەلێکیش دەرکەوتوون لەنێو ئەم تەریقەتە و تەریقەتەکانی دیکەشدا کەوا بوونەتە داردەستی داگیرکاریی، ستەمکاریی، خانەدانێتی وابەستە بە دەسەڵاتخوازییەوە.

## سەرچاوەکان:


١. مێـژووی وەرچەرخانـی تەریقەتگەرایـی و نەخشـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی سـۆفیگەریی لـە کوردسـتاندا – بەرزانـی مـەلا تەهـا

http://www.historyofkurd.com/

٢. مێـژووی بزووتنـەوەی هەقـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا – د. بەهاددیـن ئەحمـەد.

http://www.historyofkurd.com/

٣. بەهائوڵـڵا لـە کوردسـتان – ئەمیـر فەرهەنـگ ئیمانی – وەرگێڕانی دڵشـاد کەریـم – ئاسـۆ – ٢٠١٠

٤. مەولانـا خالیـد و تەریقەتـی نەقشـبەندی - سـەید محەمـەد تاهیـر سـەد زادەی هاشـمی – وەرگێڕانـی دلێر میـرزا - ٢٠٠٤

٥. ئاوڕدانەوەیـەک لـە بزووتنـەوەی هەقـە - مسـتەفا عەسـکەری – چاپـی دووەم- ٢٠٠٨

٦. «مەولانـا خالیـد» لەدەستنوسـێکی کتێبخانـەی «حەرەمی مەککە» دا - یاسـین تەها- پەیسـەر پرێس

٧. نەقشـبەندی لـە کوردسـتاندا – بـارام سـوبحی – ماڵپـەڕی ئاوێنـە

٨. مولانـا خالـد النقشـبندي و منهجه في التصـوف – الدكتـور جـواد فقـي علـي الجوم الحيـدري – ٢٠١٦

٩. تنویـر القلـوب فـی معاملـة عـلام الغیـوب – الشـیخ محمـد امیـن الكـردي الاربیلـي – الطبعـة الاولـی – ١٩٩٥ بیـروت.